بە پلانێکی پێنج ساڵە..سێیەم قۆناغی بڕینگاربوونەوەی هێژاری دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە

وەزارەتی پلاندانانی عێراق بە پلانێکی پێنج ساڵە سێیەم قۆناغی ستراتیژی بە بڕینگاربوونەوەی هێژاری لە سەرەتای مانگی داهاتوودا دەخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

عەبدولزەهرا هنداوی، وتەبێژی وەزارەتی پلاندانانی عێراق رایگەیاند، لە چەند مانگی داهاتوودا قۆناغێکی دیکەی رووبەڕووبوونەوەی هێژاری لە چوارچێوەی پلانێکی پێنج ساڵەی حکومەتدا جێبەجێدەکرێت لەنێوان ساڵی 2025 تاوەکو 2029.

ئەوەشی خستەڕوو، پلانەکە لە کەمەک خزمەتگوزاری پێکدێت، لەچەند بوارێکی جەراوجەردا خزمەتگوزاری لەرێگای لایەنی پێوەندیدار و تایبەت بەو بوارەوە پێشکێشدەکرێت، وەک: تەندروستی، نیشتەجێبوون، پەروەردە و خوێندن، داهاتی تاک، خۆراک.

ئاماەی بەوەشدا، پلانەکە لە چوارچێوەی داتا و ئەنجامەکانی پێوەسەی سەرژمێریی گشتیی عێراقدایە و لە چەند مانگی رابردوودا دوو قەناغی جێبەجێکراوە و لە مانگی داهاتووشدا قەناغی سێیەمی جێبەجێدەکرێت.

□